# كۆڕی بەڕێز / بریكاری وەزارەتی رۆشنبیریی بارزان مەلا خالید

**" كورتەیەك لە مێژووی ڕادیۆی دەنگی كوردستان و چەند بیرەوەرییەك "**



لە سەرەتای دەسپێكی شۆرش ، واتە دوای یازدەی ئەیلوولی 1961 مەكتەبی سیاسی پارتی دیموكراتی كوردستان بنكەو بارەگای خۆی لە (مالوومە) دانابوو، رۆژنامەی – خەبات – كە ئۆرگانی پارتییە ، بڵاوكراوەكانی شەڕو بەیاننامەكان و پسوولەكانی پێویستی لەو چاپخانە سەرەتاییەدا چاپ دەكرد كە هەیبوو .. لە بەربارو دۆخی شەر مەكتەبی سیاسی لە – مالوومە – وە گواسترایەوە ( ئاوەكورت ) ێ لەناوچەی ( ماوەت ) و ڕاگەیاندنیش واتە چاپخانەكە لە ( ئەشكەوتە ڕەش ) دامەزرا . لەساڵی 1963 دا ، لە هەولێر چاپخانەیەك هەبوو بەناوی ( صلاح الدین ) كە رۆژنامەی – الندا – ی لێ چاپ دەكرا .. ئەو كات رێكخستنەكانی پارتی بەهێزو كارا بوون ... ئەندامان بوێرانە ململانێیان لەگەڵ دوژمنانی شۆرش وبارزانی نەمر دەكرد .. بەعسیەكان ، حەرەس قەومییەكانیان كردبووە چەقۆی سەرملی رۆڵەكانی گەل .. دەیان گرت .. دەیان كوشت .. لە هیچ تاوانێك نەدەسڵەمینەوە .. ئەوەبوو لەوان سەردەمی تاریك و پر لە مەترسیدا هەڤاڵان ( ئەحمەد دەشتی ) و ( مستەفا رابەر ) لەمانگی خەرماناندا ئەو چاپخانەیان لەهەولێرەوە بردە نێو شۆرش و بەدیاری پێشكەش بە سەركردایەتیان كرد .. بەراستی ئەو چالاكییە پێشمەرگانەیە كاردانەوەیەكی چاكی لەرووی راگەیاندنەوە هەبوو و تەكانێكی بە بزاڤی رۆشنبیری شۆرشگێرو راگەیاندنی شۆرشدا .. چونكە پێشتر تەنها تایپ و رۆنیۆیەك كاروبارەكانی راگەیاندنی پارتی و شۆرشیان ئەنجام دەدا ..

لێرەدا پێویستە ، مێژوو و ، ڕووی گەشەدارو ، پڕ لەسەرەوەی و ، لاپەڕە پر بەهاكانی رۆژنامەی (خەبات ) هەڵدەینەوە تا بزانین ئەو رۆژنامەیە چۆن هاوشانی قوناغە جیاجیاكانی خەباتی رەواو پڕ لە هەوارزو نشێوی گەلەكەمان بوەو تاچ ڕادەیەك توانیویەتی خزمەتی پارتی و سەرەتاكانی بارزانی نەمر و سەرەوەرییەكانی ، شۆرش و قوربانیەكانی بكات و چۆن هەمیشە نەوە لە داوای نەوەی فێرە ئەلف و بێی كوردایەتی كردوەو بۆتە رەمزی رۆژنامەگەریی شۆرش .

لە یەكەمین كۆنگرەی پارتی دیموكراتی كوردستاندا بریاردرا رۆژنامەی ( رزگاری ) ببێتە زمان حاڵی . ئەو رۆژنامەیە تا پایزی ساڵی 1955 دا درێژەی كێشا .. ناوەناوە بەزمانی كوردی و بە شێوەیەكی نهێنی لێرەو لەوێ دەردەچوو .. چونكە نهێنیش بوو ، بەهۆی ئامێری ( رۆنیۆ ) دەردەكراو لاپەرەكانی بابەتی سیاسی ، رۆشنبیری جۆراوجۆری تێدا بڵاو دەكرایەوە . لەوان سەردەمدا ( رزگاری ) توانی هۆشیاری سیاسی جەماوەر پتر بكاو هانیان بدا بەرەو بە گوڕخستنی خەبات و داكۆكی كردن لەمافە نەتەوەییە زەوتكراوەكانیان .. لە دوای كۆنگرەی سێیەمی پارتی كەلە ساڵی 1953 دا بەسترا بریاردرا ناوی ( رزگاری ) بگۆردرێ و ببێتە ( خەبات ) بەڵام لەبەر هەندێ گیروگرفت و هۆكاری

هونەریەوە تا پایزی 1955 ( رزگاری ) بەردەوام دەردەچوو ، پاشان لەهەمان کاتدا ( خەبات ) کەوتە گەڕو تا ئەمرۆکەش وەکو سەر قافلەی رۆژنامەگەری کوردی تك تك خەباتی لێدا دەچۆڕێ و ، بابەتەکانی ، لاپەرەکانی بەگشت ووشەکانیوە تام و چێژی تایبەتی خۆی هەیە . بۆنی سالآنی شۆرش و بەرخودان و سەرفرازی لێدێ .

رۆژنامەی ( خەبات ) بە درێژایی ئەو هەموو سالآنە ، بەقۆناغی جیاجیا دا تێپەریوە و جار هەبوە بە ئاشکراو زۆربەی سالآنیش بە نهێنی و وەکو پێشمەرگە لەسەنگەردابوە .. دوای شۆرشی چواردەی گەلاوێژی 1958 ، رۆژنامەی ( خەبات ) لە رۆژی 4 / 4 / 1959 دا لە بەغداو سەرەتا بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی و پاشان تەنها بەعەرەبی بەئاشکرا دەردەچوو تا رۆژی 28 / 3 / 1961 کە (462 ) ژمارەی لێدەرچوو لەلایەن کاربەدەستانی بەغداوە قەدەغەکرا ..

لەو ماوەیەدا هەمیشە سەکۆیەکی ئازاد بوو بۆ دیموکراتخوازانی عێراق و بلند گۆیەکی بەهێزی داواکردنی مافە نەتەوەیی و رۆشنبیریەکانی کوردیش بوو ، بەردەوام لەسەنگەری پاراستنی کۆماردا بوو لەپیلانی دوژمنان و یەکێك بوو لە رۆژنامە هەرە بەناوبانگەکانی عێراق .

لەدوای بەرپابوونی شۆرشی ئەیلوولی مەزنیشەوە ، چوە شاخ و بارەگای خۆی لە ( ئەشکەوتە رەش ) کردەوە ، ئیتر جارێکی تر بە هۆی ئامێری چاپی رۆنیۆوە کەوتەوەگەڕ . لەو ماوەیەداو تا دوای بەیاننامەی 29 / ی حوزەیرانی 1966 ، ناوەناوە دەردەچوو . هەمیشە چالاکیەکانی پێشمەرگە ، بیرخەرەوەکانی سەرکردایەتی شۆرش بۆ لایەنی و کەسانی نیشتمانپەروەرو بلآو دەکردەوە و دەنگوباسی شۆرش ، ستەم و کردەوەکانی رژێمەکانی دەخستە بەر دیدی خوێنەران ..

لەوان سەردەمدا ( خەبات ) ئەم دەست و ئەو دەستی دەکردو لە شارەکاندا رێکخستنەکانی پارتی بەدەیان ژمارەیان لێ دەستنووس دەکردەوە و بەنێوخەلکیدا بلآویان دەکردەوە .. لەدوای حوزەیرانی شەست و شەش ، پارتی بواری ب ڕەخساو لە بەغدا لە 29 / 4 / 1967 دا ، یەکەمین ژمارەی رۆژنامەی (التآخی ) بلآوکردەوە ، لە دوای هاتنە سەرکاری بەعسییەکان و بەرپابوونەوەی شەڕ جارێکی تر (خەبات ) دوای وەستانی رۆژنامەی ( التآخی ) لە بەغداو رۆژنامەی رۆژانەی ( برایەتی ) لەبەغداو پاشان لە سلێمانی هاتنەوە مەیدان .. رۆژنامەی ( التآخی ) بەدرێژیی ئەو ماوەیە ناودارترین رۆژنامەی عێراق بوو ، پارێزەرێکی ڕاستەقینەش بوو لە پێکەوە ژیانی بەئاشتی و مەسەلەی پیادەکردنی سیستەمی دیموکراسیەت و ڕەتکردنەوەی بیری خۆسەپاندن و تاکە حزبی .. بەمجۆرە رۆژنامەی (التآخی ) درێژەی بە رێرەوی دیموکراتیانەی خۆی دا ، تا رۆژی 11/ 3 / 1974 ، بەردەوام بوو لەسەر بلآوکردنەوەی ئامانجەکانی پارتی و داوا ڕەواکانی شۆرش و جێبەجێ کردنی دەقی رێککەوتنامەی ئازارو پیادەکردنی دیموکراسیەت ...

لەدوای سەپاندنەوەی شەر بەسەر گەلی کوردستان و پاشگەزبوونەوە لە رێککەوتنامەکەی یازدەی ئازار ، رۆژنامەی ( خەبات ) دیسان هاتەوە مەیدان ، ئەمجارە چاپخانەیەکی مۆدێرنی بۆ پەیدا کرابوو . ئەگەر لەبەر هۆکارەکانی شەڕ و بۆمبابارانە بەردەوامەکان نەبوایە رۆژانەش دەردەچوو ..

پاش نسكۆی ساڵی 1975 و پیلانەگلاوەكەی الجزائیر رۆژنامەی ( خەبات ) وەكو پێشمەرگە دلێرەكانی كوردستان بۆ ماوەیی سرڕ بوو ، بەڵام لە 1 / 7 / 1976 دا جارێكی تر كەوتەوە دەرچوون و ژمارە ( 526) ی نۆبەرەی خەباتی پارتیزانی و بەرهەمی سەركردایەتی كاتی پارتی بوو .

دوای كۆنگرەی نۆیەمی پارتی ( بلاغ ) بوو بە ( أخبار كوردستان ) واتە ( دەنگوباسی كوردستان ) ئەم بڵاوكراوەیەش لە ساڵی 1980 وەتا 1989 بەردەوام بوو ( 300 ) ژمارەی لێدەر چوو و بەهەر دوو زمانی كوردی و عەرەبی بڵاو دەكرانەوە .

سەرەڕای ئەمانەش رێكخراوە پیشەییو دیموكراتیەكان هەریەكەیان بڵاو كراوی خۆیان هەبوو لقەكانی پارتیش هەریەكەیان گۆڤارێكی مانگانەی دەردەكرد ، وەكو لقی یەك ( مەتین ) ، لقی دوو (سەفین ) ، لقی سێ ( بابەگوڕگوڕ ) ، لقی چوار ( ئەزمر ) جگە لە لقەكانی ئەوروپاو ئەمریكا كە ئەوانیش گۆڤاری تایبەت بەخۆیان هەبوو ...

ئەمانە هەر هەمووی باری رۆژنامەی ( خەبات ) یان سووكتر دەكردو مانگانە تینویەتی ئەندام و لایەنگرو دۆستانی پارتی و رۆڵە نیشتمان پەروەرەكانی كوردیان دەشكاند .

ئەمە كورتەیەك بوو لە ببلوگرافیای رۆژنامەگەری پارتیمان كە تا ئەمرۆكەش درێژەی هەیەو رۆژنامەكانی ( برایەتی و خەبات ) و دەستەخوشكەكانیان سەرقافڵی ئەو بزوتنەوە رۆشنبیریەن كە لە سایەی پەرلەمان و حكوومەتی هەرێمی كوردستانەوە برەو بە ژیانی رۆژنامەگەریی ئازاد دەدەن و پارێزەری ئەو دەسكەوتە مەزنەن كە بارزانی نەمرو ئەدرێسی تێكۆشەران كاك ئیدریس و سەرجەم شەهیدانی كوردستان گیانی خۆیان لەم پێناوەا بەختكرد .. شادبێ رەوانی پاكیان .

راگەیاندنی پارتی هەر بە دەرچوواندنی رۆژنامەی ( خەبات ) نەوستا ، چونكە قۆناغی شۆرشی ئەیلوول ، قۆناغێكی ناسك و لەهەمان كات چارەنووس سازبوو ، بەرامبەر بە پارتی و سەركردایەتییە دڵسۆزەكەی ، هەر بۆیەكە سەركردایەتیی شۆرش لەسەر ڕووی هەمووشیانەوە بارزانی نەمر ، مەسەلەی پەیداكردنی ئامێرێكی رادیۆیان لا گرنگ و زۆریش بەهەندیان هەڵگرتبوو .. شەهید عبدالخالق مەعروف سەرەتای پەیدابوونی ئەو ئامێرەی وا دەگێرایەوە :

سەركردایەتی شۆرش بۆ پەیداكردنی ئامێرێكی ڕادیۆ لە چەند رێگایەكەوە هەوڵی دەدا ، دۆستان ، رێكخستنەكانی پارتی ، كەسایەتیە ناودارو دڵسۆزەكانی كوردی بۆ ئەم مەبەستە ئاگاداركردبۆوەو داوای لێكردبوون بە پەرۆشەوە مشووری پەیداكردنی رادیۆیەك بخون ... دیارە ئەوانیش ئەو مەسەلە گرنگەیان بەهەند هەڵگرتبوو ، هەر یەكەیان لە رێگەیەكی تایبەتەوە ، كەوتبوونە هەوڵدان . پێش هەموویان د . كامەران بەردخان سۆراخی پەیداكردنی رادیۆكەی كرد ...

ئەوەندەشی نەبرد ئاگاداری سەركردایەتی شۆرشی كردەوە كە ئامێرەكەی پەیداكردەوەو لە ڕێگەی چەند دڵسۆزێكیشەوە گەیاندیە كوردستان . بەڵام بەداخەوە كە دامانەزراند دەرچوو كە بسیمێكی گەورەیەو ڕادیۆنیە ... دیارە كۆمەڵەی خوێنكارانی كوردیش لە هەوڵی بەردەوامی خۆیاندا نەكەوتون و دوای گەڕانێكی زۆر توانیان ئەو ئامێرە لە – ئەڵمانیا – پەیدا بكەن ... ئاگاداری سەركردایەتی شۆرشیان كردەوە كە پێویستە بەر لە ناردنی ئامێرەكە چەند ئەندازیارێكی كورد بنێردرێنە ئەڵمانیا تا چۆنیەتی بەكارخستنی فێربن .. ئەوەبوو سەركردایەتی منیان نارده ئەڵمانیا وپاش دیتنی

دەورەیەکی کورت ؛ و فێرە دامەزراندن و کارپێکردنی بووین و ، بەر لەوەی بگەرێینەوە کوردستان ، ئێستگەکەمان کردە سێ پارچە تا بۆ بارکردن و گواستنەوەی ئاسانکاریمان بۆ بکاو لە هاوینی ساڵی 1963 گەیشتینەوە کوردستان . ئەوەبوو لە رۆژی 29 / 9 / 1963 دا ئێستگە بەرەسمی دەستی بەکارکرد ) .

شایانی باسە شەهید عبدالخالق مەعروف ئەندازیار نەبوو ، بەڵام لە سەرەتای ژیانی مەلایەتیەوە خوولیای دروست کردنی ڕادیۆبوو ، پاشان بوو بە – امام طابور – لە سوپای عێراق و لەوێش درێژەی بەکارەکەی داو زۆر باسی ڕووداوە سەیرەکانم دەکرد .. رۆژێ چوومە خزمەت سەیدا صالح یوسفی و پێم ووت ئەمرۆ بۆ گاڵتە لە ئێستگەکەماندا چەند ئەفسەرێکی کورد لە سوپا دەردەکەم ..

بەهۆی برادەرێکەوە بێ ئەوەی بزانن من ڕادیۆم دروست کردوە ، هەواڵم بۆ ناردن ، کە ئەمشەو لە سەعات هەشتی شەودا ، چەند مەرسومێکی جمهوری لەلایەن عبدالکریم قاسمی سەرەك وەزیرانەوە دەردەچێ و پێوەندیان بەچەند ئەفسەرێکی کوردیشە ... سعات هەشتی شەو مەرسوومێکی جمهوریم خوێندەوەو ناوی چەند ئەفسەرێکی کوردیشی تێدابوو .. ) پاش سعات هەشت چوومەوە خزمەت سەیدا صالح یوسفی و ئەوەندەی نەبرد ئەفسەرە کوردەکان بە پەشۆکاویەکی زۆرەوە هاتن و هەواڵەکەیان بە سەیدا گوت ... سەیداش پێکەنی و گوتی : خودێ ئەمە کاری عبدالخالقە .. پاشان بە پێکەنینەوە مەسەلەکەی بۆ گێرانەوەو ئیتر بوە پێکەنین ) .

ئەم سەربوردەیە ئەوە دەسەلمێنێ کەبەر لە چوونە ناو شۆڕش ، شەهید عبدالخالق دەستی هەبوە لە کاری دروست کردنی ڕادیۆ بۆیە کە شۆڕش ئەو بایەخەی پێدابوو ..

شەهید عبدالخالق معروف هەمیشە رۆڵی ئەندازیاری تێکۆشەر ( ئەمجەد عبدالواحد ) ی فەرامۆش نەدەکردو بە هەردووکیان توانیان ڕادیۆ بەڕێوەبەرن ..

بەپێ قسەی هەڤاڵی تێکۆشەر ئەحمەد دەشتی کە یەکەمین کادیری تەکنیکاری ئیستگە بووەو شان بەشانی شەهید عبدالخالق معروف کاری کردوەو بەردەوام وتا نسکۆی ئازاری 1975 لەگەڵ ڕەوتی ئێستگەکەدا بوە ، ئێستاش لە ئەلمانیادا دەژی ، دەڵێ : " لە رۆژی 29 / 9 / 1963 دا ، ئێزگەی دەنگی کوردستان بۆ یەکەم جار بەناوی " دەنگی کوردستان عێراق" –ە وە بەرنامەکانی خۆی بە میوزیکی (چەمکی رێزان ) و سروودی ( پێشمەرگەین بەهەڵمەتین ) بڵاوکردەوەو بەسروودی " ئەی رەقیب " کۆتایی بە بەرنامەکانی هێنا هەروەها کاك ئەحمەد دەڵێ : " دووەمین ئێستگەی رادیۆ زۆر جوان بوو ، بۆ هەڵگرتن سووك و هەر دەتگوت تایبەت بۆ شۆڕش و شۆڕشگێران دروست کراوە .. سەرەتا لەسەرەوەی ( ژاژەڵە ) لەسەر ( بەردەڕەشە ) مان دامەزراند ، پاشان لەسەر داوای شەهید عبدالخالق وبریاری مەکتەبی سیاسی گواستمانەوە بۆ سەر (گردەڕەشە ) کەدەکاتە سەر ترۆپکی ئەو شاخەی (ئەشکەوتە ڕەشە ) ی لێیە . هەر لەوێش لەو شوێنە سەخت و دژوارە خانوو و بەرەمان دروست کرد و بۆ چەند مانگێك کارمان بە ئێستگەکە کرد .. بەراستی زۆرمان خۆشدەویست و لەبەر ئەوە ناومان نابوو ( ڤیتکۆنگ ) . بەم جۆرە ماینەوە تا وتووێژی ساڵی 1964 دەستی پێکرد .

دەربارەی بەرنامەکانیش دەڵێ : " بەرنامەکانی ئێستگەی دەنگی کوردستانی عێراق ، وێرای هەواڵی وڵات و چالاکییە هەمەلایەنەکانی شۆڕش و ئامانج و خواستە ڕەواکانی ، سیاسەتی رژێم و ریسواکردنی

**تاوانەکانی ، لەسەر شێوەی وتار بەخەڵك ڕادەگەیاندو لە چوارچێوەی ووتارەکانیدا حەماسەتی بۆ لاوەکان دەخوڵقاندو بەرەو شۆڕشی ڕادەکێشان ... دیارە بەرجەستەکردنی ژیان و بەسەرهات و خەبات و قوربانیدانی ئەو پێشمەرگە دلێرانەشی بەهەند هەڵدەگرت کە لە پێناو کوردو کوردستاندا گیانیان دەکردە قوربانی و جەستەکانیان دەکردە پردی پەرینەوەی کورد بەرەو سەرفرازی و نازناوی پر لە شکۆی شەهیدان وەردەگرت ... ئەم بەرجەستەکردنە لە چوارچێوەی – کاروانی شەهیدان – دا بۆ پێشمەرگە تام وچێژی خۆی هەبوو .. شان و شکۆی بەرزتر دەکردنەوە وهانی دەدان هەرگیز لە دیواری مەرگ و رووباری ستەم نەگەرێنەوەو ئاوەژووی سەر دوژمنانیان بکەنەوە .. دیارە هەردوو زمانی عەرەبی و کوردیش ( بەهەر دوو شێوە زاریەوە ) زمانی رادیۆو پردی دایەلۆگی نێوان کوردو عەرەب بوون ... بەکورتی بەرنامەکانی ئێستگە بەم شێوەیە بوون ...**

**دەنگ و باس ، ووتاری سیاسی بەهەر دوو شێوەزاری سۆرانی و کرمانجیو هەمان دەنگ وباس و ووتاری سیاسی لەبەشی عەرەبی دەخوێندرانەوە .. لەبەشی کوردی بەرنامەی جۆراو جۆری تر هەبوون وەکو " هەمبانەی درۆ ، کاروانی شەهیدان ... هتد "**

**ئەوانەی لە دامەزراندن و بەڕێوەبردنی ئیستگەی دەنگی کوردستان و بەرنامەکانی رۆڵیان دەدیت وشەونەخونیان لە پێناو گەشە پێدانیان دا دەبینی ئەمانە بوون ... شەهید عبدالخالق معروف ، ئەندازیار ئەمجەد عبدالواحد .. ئەگەر شەهید عبدالخالق بەرپرس و رۆحی ئیستگەو بەڕێوەبەری بوو ، بەڵام هەمیش ئەندازیار ئەمجەدی بە لێپرسراوی خۆی دەزانی و دەیفەرموو کە ئەو ئەندازیارەو من ( مەلام ) کاك دەشتی ئەگەرچی لە چاپخانە کاری دەکرد بەڵام لەگەڵ یەکەمین رۆژی دامەزراندنی ئیستگەدا وەکو تەکنیکارێکی بەتوانا هەم لە چاپخانەو هەم لە ئیستگەکە کاری دەکرد واتە دوو ئەرکی بەجێ دەهێنا .. بێژەرەکانی کوردی ئەمانەبوون : عوسمان عوێزی بێژەری سۆرانی بوو ، جەلال ئەتروشی بێژەری کرمانجی ، سەروو .. حسین قەرەداغی بێژەری سۆرانی بوو و بەرنامەی ( هەمانەی درۆی ) پێشکەش دەکرد .. جەلال ئەتروشی وێرای بەجێگەیاندنی ئەرکی بێژەری کرمانجی ، بێژەری عەرەبیش بوو دەنگوباسی عەرەبی و وتاری سیاسیشی دەخوێندەوە ، ئۆمەر دزەیی هەم نووسەر بوو و هەم دەرهێنەری بەرنامەکان . مامۆستایان صالح حەیدەری و بورهان قانع و سامی عبدالرحمان نووسەر بوون ، مامۆستا حەبیب محمد کریم لێپرسراوی گشتی کوردی ، کاروانی شەهیدانیشی پێشکەش دەکرد .. مەنسوور و دارا و وەستا عەباس و داود لەبەشی کارەبا کاریان دەکرد .. ئەم برایانە واتە ستافی رادیۆکە هەر هەموویان بەیەکەوە و لای ئیستگەکە گوزەرانیان دەکرد .**

**لە گەرمەی وتوێژکەی ساڵی 1964 ی نێوان رژێم و سەرکردایەتی شۆرشدار یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو رادیۆیەکی باش و بۆ هەڵگرتن سووکی لە ڕێگەی بەغداوە بەدیاری پێشکەش بەسەرکردایەتی شۆرش کرد . ئەو ئێستگەیە لەوەی پێشوو کاراو لەبارتربوو ، بۆ یەکەمین جار لەسەر ، ( بەردەرەش ) ی پشت ( ژاژڵە ) مان دامەزراند . کاتێکی وا خرایە کار کە هەرگیز ئاواتم بۆ نەدەخواست ، پێم خۆش بوو وەکو جاران دەنگی شۆرش و سەدای چالاکی پێشمەرگە قارەمانەکان بوایە .. بەڵام بەداخەوە دوای قووڵ بوونەوەی ناکۆکیەکانی نێوان تاقمەکەی جەلال – برایم و سەرکردایەتی شۆرش و بەتایبەتی دوای کۆنفرانسی ( ماوەت ) .. لەسەر بڕیاری تاقمەکەی جەلال – برایم و دوور لە هەموو نەریتێکی**

شۆرشگێری ، ئیستگەکە خرایەوەکارو بەرنامەکانی هەرگیز لە خزمەتی بەرژەوەندی بەرزی کوردو کوردستان و شۆرشە ڕەواکەی دا نەبوو ، ووتارو بابەتەکان ، ئامۆژگاری و بانگەوازەکان ، شیعرو پەخشانەکان هەر هەموویان شەری براکوژیان خەستتر دەکردو ئاگرەکەیان خۆشتر دەکرد .. ئەوکات ستافی رادیۆکە بریتی بوو لە شەهید عبالخالق ، ئەندازیار ئەمجەد ، مستەفا رابەر ، ئحمەد دەشتی ، عوسمان سەعید ، تەها بابان ، ئەنوەر جاف ..

ئیستگەکە بەردەوام بوو ، تا ئەو کاتەی سەرۆك بارزانی دوای هەموو ئەو هەوڵانەی دای لە پێناوی تیمارکردنی برینەکان و یەکخستنەوەی ریزەکانی شۆڕش بێ هوودە بوون ، بڕیاری دا ئەو تاقمە خۆپەرست و سەرلێشێواوە تەمبێ بکاو چیتر بواریان نەدا هەم ریزەکانی شۆڕش بڕۆخێنن و هەم لە رادیۆکەیاندا ژەهری براکوژی بڵاوکەنەوە .. کە هێرشیان بۆکرا هەڵاتن و بەرەو دیوی ئێران ملیان نا ..

دیارە ئەو تاقمە ئێستگەکەیان لەگەڵ خۆیاندا ئاودیوکردو ، ئێستگەکەی ئەشکەوتە ڕەشەش ، بەداخەوە بە فەرمانی برایم – جەلال درایە بەرگوللەو نەزانان تێك و پێکیان داو لە ئەشکەوتە رەشەوەڕا غلوریان کردەوە نێو چۆمەکەی ( قەشان ) .. ئەم تاوانە بۆوە هۆی بێزاری کادیرەکانی رادیۆو پاڵی بە کاك ئەحمەد دەشتی‌یەوە نا نەفرەتیان لێبکاو هانا بۆ شەهید ( صالح نەفاسە ) ببات کە زۆری نەمابوو لەسەر ئەم مەسەلەیە تووشی گرفتێکی گەورەببن و خەڵکێکی زۆریشی تێدا بکوژرێ .. کە دڵنیام ئەگەر ئێستا بمابایە جوانترین بیرەوەری شۆڕش دەبوو و لەسووچێکی رۆشنی ( مۆزەخانەی کوردستان ) دیرۆکێکی پر لە شکۆی بۆ دەگێڕاینەوە .

بەر لەوەی بچنە ئێران ، ئیستگەکەیان لە ( سوورکێو ) داناو بۆ چەند رۆژێك کاری کرد ، کە هەر بە هەمان ستاف و کەرەستەوە بەرێوەدەبراو رۆژانە هەواڵی شەرەکانی نێوان هەردوولای بڵاودەکردەوە و ئاگری براکوژی خۆشتر دەکرد ..

کە دەستی شۆڕش گەیشتە – سوورکێو – ئەو تاقمە خۆیان لە ئێران کوتاو ئێستگەکەشیان برد لەوێش لە شوێنێکیان داناو کاری پێ نەدەکرا .. بەڵام شەهید عبدالخالق لە هەمەدان ئامێرێکی تری رادیۆی دروست کرد و بە دزی کاری پێ دەکرد ، پاشان لەلایەن – ساواك – ەوە زاندراو ئامێرەکەیان لێ ستاندن . شەهید عبدالخالق تا بلێی ئەندازیارێکی کارامەو داهێنەر بوو .. ئەو ئیستگەیەی لەوێ دروستی کردبوو بواری نەدەدا دەربارەی سیاسەت و خۆشکردنی شەری براکوژی و نانەوەی تۆوی دوو بەرەکی شت بڵاو بکاتەوە بەڵکو تەنها نوکتەو قسەی عەنتیکە و بابەتی گاڵتە ئامێزی تێدا بڵاودەکرایەوە بەڵام لەلایەن دەستگا جاسوسیەکانی رژێمی ئێرانەوە قەدەغەکراو ئامێرەکەشیان برد .. کە ئێران هەستی بە لێهاتوویی شەهید عبدالخالق بە توندی رەتی کردەوەو قەبوولی نەکرد ببێتە پیاوی ئەوان .

بارزانی نەمر لێبوردنی گشتی بۆ ئەو تاقمە دەرکردو داواشی لێکردن بێنەوە نێو ریزەکانی شۆڕش و وەکو جاران درێژە بەخەباتی خۆیان بدەن ، چونکە یەکێتی ریزەکانی شۆڕش و پتەوکردنی پێ لە هەموو شتێ گرنگتر بوو .. ئەوەبوو تاقمەکەی جەلال – برایم گەڕانەوە و ئیستگەکەشیان لەگەڵ خۆیاندا هێناوە .. وەك پێشتریش ئاماژەی بۆ کراوە شەهید عبدالخالق بەرپرسی هونەری ئیستگەکە

بوو ، هەر بۆیەکە لەسەر فەرمانی بارزانی نەمر بە پەسند زانرا ئیستگەکە لە چوارەمین شوێن دامەزرێ و بکەوێتە کار .. ئەم شوێنە دەکەوێتە ناوچەی باڵەکایەتی و بە ( مندالێ ) دەناسرێ کە دەکەوێتە سەرووی ( گۆڕی گاجووتان ) و ستافەکەشی ( دەستەی کارگێری ) ئەمانەی خوارەوە بوون :

بەشی هونەری ( شەهید عبدالخالق مەعرووف ، ئەندازیار ئەمجەد عبدالواحد ، مستەفا ڕابەر ، ئەحمەد دەشتی ) بوون و شەهید عبدالخالق بەرپرسیاریان بوو .. بەشی کوردی ( سۆرانی ) بێژەرکان عوسمان سەعید و دڵشاد مەسرەف و ( کرمانجی ) نووری ئەترووشی بوو .. ئەلبێر خووری بێژەری عەرەبی و هەم نووسەریش بوو لەو بەشە . جەلال عبدالرحمان بێژەری تورکمانی بوو .. شاعیری شۆڕشگێر و زمانەوانی کورد مامۆستا هەژاریش هاتوچۆی گۆڕی گاجووتانی دەکردو زوو زوو سەردانی دەستەی کارگێری ئیستگەکەی دەکرد و یارمەتی دەدان . شەهیدی نەمر سەیدا صالح یوسفی لێپرسراوی گشتی راگەیاندنی پارتی و سەرپەرشتی کەری راستەوخۆی ئیستگەگە بوو .

لە پایزی ساڵی 1965 دا ، ئیستگەی دەنگی کوردستان عێراق گوازرایەوە بۆ ( ئەشکەوتی سەردێمان ) کە دەکەوێتە بەرامبەر کێوی – مامەڕووت – و سەرریگەی رێزان – قەسرێ .. ئەوانەی تازەکاریان لە ئیستگە دەکرد ئەمانە بوون : عوسمان عوزێری بێژەری سۆرانی ، شێرکۆ بێکەس لە بەشی کوردی دامەزرا .. محمد صالح ئاکرەیی بە بێژەری – کرمانجی سەروو – و عەرەبی – بوو .. مامۆستاو شاعیری گەورە خالید ئاغای حیسامی – هێدی – لە ئیستگە وەك نووسەرو شاعیرکاری دەکرد .. شەهید نەمر فرنسۆ هەریری بەرنامەی – بەشی شاشووری – سازو پێشکەش دەکرد ..

دیارە بەرنامەکانی ئیستگەو شێوەی بەڕێوەبردنی وەکو پێشوو مابۆوەو هەر سەیدا صالح یوسفیش بەرپرسیان بوو .

لەبەهاری ساڵی 1966 دا و لە کانگەی شەرو ململانێی نێوان شۆڕش و رژێمی دیکتاتۆردا ئیستگەی دەنگی کوردستان لەلایەن فرۆکەکانی رژێمەوە بۆمباران کرا .. شەهید عبدالخالق و ئەحمەد دەشتی و عوسمان سەعیدو ئەندازیار غالب و فوئادە قوتە ، لە ئیستگەکەمانەوە توانیان شەو ئیستگەکە بخەنە سەر سەیارەیەك و پاش وەرگرتنی موافقەتی جەنابی سەرۆك بارزانی بەرەو حاجی ئۆمەران رۆیشتن .. بۆ چەند رۆژێك ئیستگەکە هەر بەسەرپەرشتی سەیارەکەوە کاری پێدەکراو بەرنامەکانی خۆی بڵاودەکردەوە ، پاشان شوێنێکیان بۆ لە – کانی خاتوو – دروست کراو لەوێ درێژە بە بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی شەڕو چالاکیەکانی پێشمەرگە درا .. ئەوانەی کاریان لە ئیستگە دەکرد بەتایبەتی شەهید عبدالخالق و ئەحمەد دەشتی و عوسمان سەعید و دڵشاد مەسرەف لە – ماوەتان – کە دەکەوێتە نزیك سنووری عێراق – ئێران و رۆژئاوای گوندی – شیوەڕەش – دەگیرسانەوە . بەمجۆرە تا وەستانی شەر ، واتە دوای بەیاننامەی حوزیرانی 1966 ئیستگەکە بەردەوام چالاکی خۆی دەنواند و شتێکی سرووشتیشە دوای هەر شەر وەستان و وتووێژێکی نێوان رژێم و سەرکردایەتی شۆڕش ئیستگەکەش رادەگیرا ..

لەکاتی وتووێژەکەدا ، جارێکی تر ئیستگەبەرەو – شێناوێ – کە دەکەوێتە بناری – مامەڕووت – وبەرامبەر – ئەشکەوتی سەردێمان – گوازرایەوە .. ئیتر شۆڕش دەستی بەدروست کردنی خانوو و بەرە کرد بۆ تاقمی ئیستگەو شوێن و رێ و جێی باشیان بۆ رەخسێنرا .. لەو سەروبەندەدا کە شەهید

عبدالخالق مەعروف خەریکی گەشەپێدانی ئامێرەکان و دروست کردنی ئامێری تری ئیستگە بوو مامۆستا رەفیق چالاك لە سەرەتای سالّی 1967 دا پەیدا بوو .. دیاربوو پیاوێکی بەتواناو شارەزاییەکی چاکی لە بواری نووسین و هونەر هەبوو . پاشان کاك سەعید خەتاتیش هات و بوو بەبێژەر و بەرپرسی بەشی عەرەبی .. لە دوای ئەویش بارزان مەلا خالد هات وەکو شێرکۆ بێکەس تەسلیم بە رژێم ببوونەوە و هاتنی ئەو برایانە تەکانێکی تری بە ئیستگەکەدا و لەڕووی کادیردا دەولّەمەندی کردەوە ..

لەسالّی 1968 دا ، ئەوسێ ئامێرەی هەبوو ، هەریەکەیان نێردرا شوێنێ یەکێکیان بۆ ( ماوەتان ) و ئەویتر بۆ( ئەشکەوتەکەی سەردێمان ) و سێیەمیش نێردرا بۆ ( خەلان ) ئەمانە هاوکات دەستیان بەکارکردو بەشێوەیەکی تەجریبی گۆرانی و سروودیان بلاّودەکردەوە .. ئەم هەنگاوە بۆ ئەوە بوو تا بزانرێ کام شوێن لەبارە بۆ دامەزراندنی ئەو ئامێرەی لەلایەن شەهید عبدالخالقەوە دروست کرابوو .. لەلایەکی تریشەوە سێ ئامێری تری رادیۆ هەبوون .. ئەم ( سێ ) ئامێرە قەبەو زەبەللاح و قورس بوون ، لە هەمان کاتیشدا بێ هێزو بوون . پەرازێت ( تشویش ) کە ئەوکات گۆرانی ( هانی هانی ) بوو زووکاری تێدەکردو کپی دەکرد ، ناچار تەکنیکارانی ئیستگە دەبوایە هەمیشە دەستیان بە ئامێرەکەوە بواو لێرەو لەوێ بیانگواستبایەوەو بواری تەشویشەکەیان نەدابا کار لە دەنگەکە بکات .. ئەمەش کاریگەرێتی خۆی هەبوو ، و گوێگر بەئاسانی نەیدەتوانی گوێی لە ئیستگە بێت و ئەگەر گوێشی لێ ببا کەم کەم دەیتوانی لە بابەت و هەوالّەکان بگات .

شەهید عبدالخالق بەتوانای خۆی و پشتگیری شۆڕش توانی ئامێرێکی شەپۆلّی ناوەندی ( یەك کیلو واتی ) دروست بکات ئەمەش وەرچەرخانێك بوو لە مێژووی رادیۆ .. بەراستی دوای ئەم هەنگاوە ئیتر جەماوەری کوردستان حەسایەوەو هەمیشە بە ئاسانی دەیتوانی گوێی لە ئیستگەی دەنگی کوردستانی عێراق بگرێ و لە زمان و بەرنامە جۆراوجۆرەکانی بگات .. دەتوانم بلّێم شۆرشێکی تەکنیکی گەورەش بوو کە لەوان سەردەمدا و لەو چیاو چۆلانەدا کورە کورد بە بیرو دەستی خۆی و توانای شۆڕش ، ئامێری ئیستگە دروست بکات .. دیارە شەهید عبدالخالق بەم کارەی رانەوەستاو بەردەوام بوو لە دروست کردنی ئامێری تر .. وای لێهاتبوو بە چەند رۆژێك ئەگەر کەرەستەکانی لەبەردەست بوایە دەیتوانی ئیستگەیەکی تر دروست بکات .

لە شیناوێ ( بارەگای ئیستگە ) ؛ شەوانە بەنهێنی بەرنامەکانی ئیستگە تاقە دەکرایەوەو برووسکە لە بارەگای بارزانی‌یەوە بۆ هەموو هێزو بنکەو بارەگاکانی پێشمەرگەو لقەکانی پارتی دەنێردرا تا بزانن رادەی رۆیشتنی دەنگ و چۆنیەتی بیستنی چۆنە .. کەدلّنیا بوون لە بەشی ئیتر ئامێری تر دروست کراو بوونە پالّپشتی ئامێرەکانی تر لە ( ماوەتان و خەلان و ئەشکەوتی سەردێمان ) ..

ئیستگەی دەنگی کوردستانی عێراق ، ئومێدی جەماوەر و تەنها سەرچاوەی دەنگوباسەکانی کوردستان و عێراق بوو .. جەماوەر بەپەرۆشەوە چاوەڕوانی کردنەوەی ئیستگەکەو دەست پێکردن بە بلاّوکردنەوەی بەرنامەکانی دەکرد .. لەگەلّ پەرەسەندنی دەسەلاّتی کاربەدەستانی بەعس ، رۆژ بە رۆژ ناکۆکیەکانی نێوان شۆڕش وحکومەت قوولتر دەبوونەوە ، بەتایبەتی دوای چەکدارکردنی تاقمەکەی جەلال – برایم و کردنەوەی مۆلّگا بۆیان لە سلێمانی و کرکوك و هەولێر ، دیارە بەغداش

مۆڵگای سەرەكییان بوو كە خەریكی قووڵتر كردنەوەی پێوەندییەكانیان بوون لەگەڵ رژێم و رۆژنامەی ( النور ) لە بەغداو ( رزگاری ) لە سلێمانی‌یان دەردەكرد و لە دوو تۆی ئەو بڵاوكراوانەدا هەرچی راستی‌یەكانی شۆرش بوو چەواشەیان دەكرد . بەچەك و پارەی رژێم خەڵكیان هەڵدەخەڵەتاندو جاش نووسیان دەكردن ... ڕاوی دۆست و لایەنگرانی پارتی یان دەناو جاروباریش بەمەفرەزەی بچووكەوە دزەیان دەكرد بۆ ناوچە ئازادكراوەكان .. هەر بۆیە كە لێرەو لەوێشەر لەنێوان جاشەكانی شەست و شەش (تاقمی برایم – جەلال ) و پێشمەرگە دەقەوما .. لە كاتی تەنگانەی جاشەكاندا سوپا بە هانایانەوە دەچوو و وردە وردەش ئیستگەی دەنگی كوردستان ئەم هەواڵانەی بڵاو دەكردەوە ، تا كۆتایی ساڵی 1968 بەمجۆرە مایەوە واتە ( دروست كردنی ئامێری تر و كردنەوی بارەگاو پەیدا كردنی كەرەستەی رادیۆی بەهێزتر وتاقی كردنەوی ئەو ئامێرانەی دروست دەكران ) .. لەو سەردەمەدا گۆرانیەكانی ( كوێستانات خاڵ خاڵ .. تۆزدەكا تۆزدەكا .. ئەرێ بەبانانەوە .. بەردە بەردە .. هاتم هاتم ) رۆژانە لەگەڵ شیعرە شۆڕشگێرو بەتامەكانی مام هەژاری شاعیرو پێشمەرگە ) و دەمەتەقێیەكانی وەكو ( چۆن بوومە پێشمەرگە .. شەری نامووس پاراستن .. بەسەرهاتەكەم هەوەها دەمەتەقێكانی كە تا ئێستاش تام و چێژی خۆی هەیە ئەمانە هەرهەمووی ببوە شەوچەرەی جەماوەر و تا ئیستگە لەكار دەوەستا هەموو جەماوەری كوردستان بەدیاریەوە گوێ گر بوون .. ئەما رادیۆكە وای لە جەماوەر كردبوو كە ئێوارە دادەهات بێ چرپە و ورتە بەدیاریا دابنیش و ووردە ووردە شیعرەكانی مام هەژار ئەزبەر بكەن . لەسەرەتای ساڵی 1969 دا وپاش ئەوەی رژێم لەملاو ئەولا شەرِی بە شۆرِش دەفرۆشت و جاشەكانی شەست و شەشی سازو تەیارتر دەكرد و دەسەڵاتی زیاتری دەدانێ كە غەدر لە رۆڵەكانی گەل بكەن و پتر خەڵك ئازار بدەن ، ئیستگەی دەنگی كوردستان بەرنامەكانی خۆی بەیەكجاری دەست پێكردەوە رۆژانە بەم شێوەیە بەرنامەكانی خۆی لەسەر دوو شەپۆلی كورتی 49 و 41 مەتری و شەپۆلێكی ناوەندی 1640 كیلوسایكل بڵاودەكردەوەو هەمان بەرنامەش بۆ بەیانی رۆژی دواتر دووبارە دەكرایەوە بڵاو دەكردنەوە ..

دەنگوباس ، وتاری سیاسی یا لێكۆڵینەوەی سیاسی ، كاروانی شەهیدان ، رووداوەكان لە هەفتەیەكدا ، گۆشەی ئەدەبی شۆرِشگێرِ ، پۆستەی گوێگرەكان ، ئەم بەرنامانە جگە لە دەنگوباش و وتاری سیاسی بەسەر رۆژانی یەك هەفتە دابەش دەكران و هەمان بەرنامەش بەشێوە زاری كرمانجی سەروو دووبارە دەكرایەوە . بەشی عەرەبی ، دەنگوباس ، وتاری سیاسی یان هەواڵ و لێكۆڵینەوە .. ئەو برایانەی لە ئیستگەی دەنگی كوردستان كاریان دەكرد ئەمانە بوون : شەهید عبدالخالق مەعروف ، ئەندازیار غالب ، ئەندازیار عەزیزی شێخ رەزا ، ئەندازیار حمید ئاكرەیی ، ئەحمەد دەشتی ، كمال داوود ، لە بەشی ئیستگەو تەكنیك كاریان دەكرد .

بەشی كوردی سۆرانی – رەفیق چالاك – دڵشاد مەسرەف – بارزانی مەلا خالد .

كرمانجی سەروو – محمد امین – ئاغۆك ئاكرەیی .

عەرەبی – سعید خەتات .

لە هاوینی شەستو نۆدا سەركردایەتی شۆرش بریاری دا لە چوارچێوەی بەرنامەكانی عەرەبیدا هەفتەی دووجار گۆشەیەكی تایبەت بۆ عەرەبە نەتەوەییەكان تەرخان بكرێ تا بە سەربەستی بیروڕاو

پرۆژەکانی ئاراستەی برا عەرەبەکان بکات ، ئەفسەرێکی سەربازی بەناوی ( جمیل عائد الجبوری ) ئەم گۆشەیەی بەڕێوەدەبرد . ئەمەش نیشانەی دروستی دروشمە ناوەندیەکەی شۆرش بوو ( دیموکراتیەت بۆ عێراق و ئۆتونومی بۆ کوردستان ) .
دیارە سەیدا صالح یوسفی بەرپرسی راگەیاندن بوو .

پاشان وردە وردە ئێستگەو بەشەکانی گەشەیان پێدرا ، بە کادیرو بەشی ترو بەرنامەی هەمەجۆر دەوڵەمەند کرا ، بەتایبەتی پاش دروست کردنی بارەگای ئێستگەو خانووی بێرەرەکان و خانووی چاپخانەی خەبات لە ( بێ خۆلان ) واتە مەزرای مەمی خەلان کە دەکەوێتە بناری کێوی – گردمەندیل . هەروەها بۆ یەکەمین جار بەشی ( الانصات ) کرایەوەو کاک ئەحمەد جەزراوی بوو بە بەرپرسی و برایەك بەناوی – فەوزی – یارمەتی دەدا .. پاشان کاک حسن حەیدەر فەیلی بوو بە بێژەری بەشی عەرەبی و جاروباریش کاك شێخ رەزای گولانی ★ دەهات بەوتارێ ، یا لێدوانێ بەشی عەرەبی گەرمتر دەکرد . کاك دکتۆر محمود جاروبار بە فەرەنسی و مامۆستایان انور میرزاو جەرجیس فتح الله هەڵسورێنەرانی بەشی ئینگلیزی بوون .. هەردوو بەشی ئاشووری و تورکمانیش هەفتانەو بەردەوام و هەر هەفتەی دووجاران و بۆ ماوەی نیو سەعات بەرنامەکانیان بەڕێوەدەچوو .. دیارە شەهید فرنسۆ هەریری بەرپرس و بێژەر و هەڵسورێنەری بەشە شاشووریەکە بوو و بەڕێزان سوها عبدالرحمن وکامل شامل و کوێر منافیش بەشە تورکمانیەکەیان بەڕێوەدەبرد . ئەو دوو بەشە ئەوەی دەسەلماند کە مافی کەمینەکانی کوردستان بێ هێنانەدی تەواوی مافە ڕەواکانی نەتەوەیی و رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی کورد هەرگیز دەستەبەر نابن و هەموو لایەکیش مستەفا بارزانی نەمریان بەسەرۆك و رێبەردەزانی و چاویان بریبوە هەول و تەقەلاکانی ئەو نەمرە .. بارزانی نەمریش ئەوەی دەزانی کە بێ سەلماندنی مافی کەمینەکان هاتنەدی تەواوی مافەکانی کورد زەحمەتەو ئەگەر بشهێنەدی تەواو نین .. دەبێ هەردوو گەلی تورکمان و ئاشووری ئەو حەقیقەتە بزانن کە لە سایەی بارزانی و شۆڕشی ئەیلوولی مەزن بوو هۆشیاری نەتەوەییان گەشەی کرد و کلتووریان زیندوو بۆوە ، ئەو کەمە مافانەی بەر لە 11 / ی ئازاری 1970 ش لەلایەن رژێم دانی پێدانرا لە ژێر فشارو زەبری دەستی بارزانی و شۆڕش بوو ، چونکە رژێم ئەوەی لا ڕوون بوو کە بارزانی نەمر لەکاتی دان و ستاندن و مشتو مڕی رۆژانی وتوویژەکاندا هەمیشە لەپاڵ مافو ڕەواکانی کوردو، مافەکانی ئەوانیشی داوا دەکردو سوور بوو لەسەر وەدی هێنانیان.. لەلایەکی تریشەوە ، لە بەهاری ساڵی 1969 دا ، بەشی کلدانیش لە ئێستگەدا کرایەوەو یەکێك لە قەشەکانی ناوچەی بادینان بەڕێوەی دەبردو ، هەروەها جاروبار بەرنامەیەکی تایبەت بەبرا فەیلیەکان لە لایەن کاك جلیل فەیلیەوە ئامادەو پێشکەش دەکرا .

لەسەرەتای مانگی تشرینی یەکەمدا ، شەهید عبدالخالق پێی راگەیاندین کەوا خەریکە ئێستگەیەکی مەزن کە دە کیلووات بوو دەگاتە کوردستان و بۆ ئەم مەبەستەش ئەندازیارێك لە هەندەران هاتبوو جێ ورێی ئێستگەو ستۆدیۆ دەست نیشان بکا .. ئەوەبوو بە یاوەری شەهید عبدالخالق یەکێك لە بەرزاییەکانی گوندی – خەلان – یان دەست نیشان کردو بۆ ستۆدیۆش پشت ڕایان – شکان – کە بەهۆی گفت و گۆی شۆرش و رژێم ئێستگەکە دواخراو پاشان لە کۆتایی ساڵی 1973 دا گەیشتە کوردستان و لە هەمان شوێنی ئامێرە کۆنەکان واتە مەزاری مەمی خەلان جێگیر کرا .

دوای ڕێککەوتنی 11 / ئازاری ساڵی 1970 ، لە ڕۆژی 24 / 23 ی 3 / 1970 ئێستگەی دەنگی کوردستان بەپێی بریارێکی سیاسی سەرکردایەتی شۆرش وناوەرۆکی ڕێککەوتناکە داخرا ..

☐ عزیز شێخ رەزا لە هەندەران بوو ، ماوە ماوە سەری دەداو بە کاروباری شۆرش دەگەرایەوە دەرەوە .

بەڵام چاپخانەی – خەبات – بەردەوام بوو تا رۆیشتنی مام هەژاری موکریانی کە بەرپرسی چاپخانەکەبوو بۆ بەغدا .

لە گەرمەی شادیو جەژنەکانی ئازار رۆژنامەی – التاخی – جارێکی تر هاتەوە مەیدان و رۆژانە دەردەچوو ، هەروەهاش رۆژنامەی – برایی – کەپاشان کرا بە ( برایەتی ) دەردەچوو .. دیارە لە پاڵ ئەو دوو رۆژنامەیەش – رۆژی کوردستان – و چەندین چاپەمەنیو بڵاو کراوەی تر لە شارەکانی کوردستان دەردەچوون ، هەروەها رۆژنامەی 0 هاوکاری – یش تا رادەیەك کەوتە ژێر کاریگەرێتی لایتگرانی پارتیو شۆرش و هەفتانە بابەتی بەپێزو پر لە سوودی چاپ و بڵاودەکردەوە .

لەلایەکی ترەوە بزوتنەوەی رۆشنبیری بەگشت کەناڵەکانیەوە هەر لە چاپ کردنی کتێب و بەرهەمی رۆشنبیران و تا دەگاتە شانۆو مۆسیقاو کەلەپوری میللی کورد لەو سەردەمەداکە بە گەواهی هەموو لایەك لە سەردەمی زێرینیان دا بوون و تەنانەت لە زۆر بواردا ئەم بزوتنەوەیە لە بەرایی بزوتنەوەی رۆشنبیری عەرەبیش دەرۆیی ، بێگەمان ئەو سەروەریەش هەر دەگەرێتەوە بۆ بارزانی نەمر کە وەکو سەرکردەیەکی بەتوانا و سەرۆکێکی نەتەوەیی هەمیشە پشتگیری لە بزافی رۆشنبیری کورد دەکردو باشترین بەڵگەش ئەو کێبەرکێیە بوو کە بۆ رۆمان نووسان سازکراو مامۆستا – سعید ناکام – میدالیای زێرینی بارزانی لەسەر رۆمانی ( ئاگری بن کا ) وەرگرت .

پێوەندیەکانی رژێم و شۆرش هەر لە سەرەتادا لەق بوو .. ووردە ووردە بەرەو هەژان دەچوو ، تا پیلانە گڵاوەکەی دژ بە سەرکردەی هەمیشە زیندوو کاك ئیدریس بارزانی و پاشان بۆ سەر گیانی خودی سەرۆك بارزانی ئیتر دوای ئەوە رژێم پتر کەلێنی دروست دەکردو زۆرتر یارمەتی جاش و بەکرێ گیراوانی دەداو بەردەوام بوو لەسەر سیاسەتی راگواستن و تەبیعت و تەعریب و دەرکردنی برا فەیلیەکانی بەغداو تیرۆرکردنی کادیرانی پارتی و رفاندنی دەیانی تر ئەمانە هەر هەمووی بوونە هۆکاری بەرەو تێکچوونی رێککەوتنەکە .. شان بەشانی ئەمشلەژانەی پێوەندیەکان رۆژنامەی – التاخی – رۆژانە و لە بەغدا ئەو سیاسەتە گڵاوانەی رژێمی ریسوادەکردو تاوانەکانی دەخستە بەر چاوی خوێنەرانی عەرەب و کورد .

سەرکردایەتی شۆرش هەموو ئەو رێگەیانەی گرتە بەر کە ئەگەری دوور خستنەوەی شەرپیان پێوە دیاربوو هەرچی لە دەستی هات بۆ ئەم مەبەستە کردی بەڵام بەداخەوە دوای هاوکاری کردنی حزبی شیوعی عێراق و پاشان یەکگرتنەوەی لەگەڵ بەعس لەسەر بنچینەی بەرەیەکی پووچەڵ کە پێیان وابوو بەعس بەهەشتی سوسیالیستی دادەمەزرێنێ و عێراق دەکەن بە – کوبا – یەکی تر ، پەیوەندیەکانی شۆرش و رژێم کەوتە حاڵەتی بەرەو شەرچوون .. هەر بۆیەکە سەرکردایەتیی شۆرش

له کۆتایی ساڵی 1973 دا توانی ئەو ئێستگەیە بێنێ کەلە ساڵی 1969 دا پەیدای کرابوو ، و لە ئێران گیری خواردبوو .. ئەم ئێستگەیە دە کیلۆواتی شەپۆڵ ناوەندی بوو کە دەیتوانی بە ئاسانی دەنگی شۆرش و گەلی کوردستان بە ناوەناوەو ناوچەکە بەگشتی بگەینێ ..

لەگەڵ ئەوەشدا شەهید عبدالخالق توانی سێ ئامێری تر سازبکاو هێزی هەر یەکەیان یەك کیلۆ وات بێت . لەکاتی هەڵایسانەوەی شەری 1974 ، دوو دەزگا بۆ هەریەك لەناوچەکانی سلێمانی و خانەقین نێردراو رۆژانە بەناوی پرۆگرامی دوو و سێ بەرنامەکانیان بلاْودەکردەوە .

بەجێ تر بوو ئەگەر لەم دەرفەتەدا بمتوانیبایە ناوی هەموو ئەو خوشکو برایانە بهێنم کە لە بەشە جۆربەجۆرەکانی ئێسگەی دەنگی کوردستانی عێراق کاریان دەکرد ، بەلاْم مخابن لەبەر ئەوەی لەم دەمودەستە هەموو ناوەکانیانم لەیاد نییە و بە جوانیش نازانم ناوی هێندێکیان بێ و هێندێك فەرامۆش بکرێن ، بۆیە خوا یار بێت خەریکی کۆکردنەوی سەرجەم ناوەکان دەبم بەڵکو بۆ مێژوو تۆمار بکرێن و شوێن پەنجەیان دیاربێ لە مەیدانی خەبات و رۆژانی تاڵە پرلە مەرگەساتی ساڵی 1974 تا 31 / 3 / 1975 .

دوای شکستی 1975 ، دیارە چارەنووسی ئێستگەکەش تەنها ئامێرێك نەبێ کە شەهید عبدالخالق و برای تێکۆشەر ئەحمەد دەشتی بردبویانە ( ئێنزێ ) بۆ ئەوەی لەناوچەی ( پشت ئاشان ) کاری پێ بکرێ ( ئەویش تا ئێستا چارەنووسی دیار نیە چونکە رژێم زۆر بە دوایدا دەگەرا .. بەپێی بۆ چوونی زۆر کەس رەنگە لەلایەن هێزێکی تری کوردیەوە شاردرابێتەوە ) بەلاْم بەداخەوە سەری نەگرت .. ئەگینا چارەنووسی ئامێرەکانی تر لە چارونووسی پێشمەرگەکان باشتر نەبوو .

کە شۆرشی گوڵانی نیشتمانی پێشکەوتنخواز دەستی پێکردەوەو درێژەیی بەئامانج و خواستەکانی شۆرشی ئەیلوولی مەزن دا ، سەرکردایەتیی پارتی توانی لە رێگەی نوێنەرەکانی خۆی لە ئەوروپادا ڕادیۆیەکی تر پەیدا بکاو لە سێ گۆشەکەی عێراق – تورکیا – ئێراندا بیگەیەنێتە کوردستان ، ئەم ئامێرەش وەکو ئامێرەکانی تری سەرەتای شۆرشی ئەیلول بوو .. سەرەتا لە ناوچەی – پێداو – ی بادینان دامەزێنراو پاشان گوازرایەوە شوێنێ لە نزیك سێگۆشەی ئێران – تورکیا – عێراق کەبارەگای سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستانی لێ بوو .. ئێستگەی دەنگی کوردستانی عێراق لە ساڵانی 1977 و 1978 رۆڵێکی یەکجار کاریگەری بینی لەهۆشیار کردنەوەی گەل و بەهاکانی بەرخودان و رەت کردنەوەی سیاسەتە هەمە لایەنە بۆ گەنەکانی رژێم .

بەلاْم لە نێوان 1979 – 1980 بۆ ماوەیەك و لەکات و ساتی بەستنی کۆنگرەی ( نۆیەمی ) پارتی و دوای ئینقلابی ئیسلامی ئێران ڕادیۆکە گوازرایەوە بۆ ناوچەی ( راژان ) لە مەرگەوەر . لە ساڵی 1980 دا جارێکی تر دەستی بەکار کردەوە و تاڕاپەرین دەنگی شۆرش و سەداو نەعرەتەی پێشمەرگەو . ناڵەی ئاوارەکان و زایەڵەی کوڕ کوژراو و ئاواتی شەهیدانی بەرجەستە دەکردو رۆژانە لەسەر شەپۆلێکی کورتی ( 49 ) مەتری پرۆگرامەکانی خۆی سەر لە ئێواران بلاْودەکردەوە و بەیانی رۆژی دواییش دووبارەی دەکردنەوە . لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ رۆڵی پڕ لە فیداکاری و شەونخوونی برای خۆشەویست ئەندازیار ئەحمەد بریفکانی بکەین کە بەراستی وەك سەربازێکی نەناسراو توانی ئەو ئامێرە بپارێزێ و لە ناوچەکانی ( هەلەج ) و ( سەرشێخان ) و ( لۆلان ) و ( گوێزە قولی ) و

شوێنەکانی تر بیخاتە گەرو هەرگیز بواری نەدا بۆ ساتێکیش ئەو دەنگە کپ بێ .. هەروەها بۆ ئەندازیار حمید ئاکرەیی کەجاروبار لە هەندەرانەوە دەگەرایەوەو کەم و کوریەکانی پردەکردەوە .. ڕێزو خۆشەویستم بۆ بێژەرەکان برایان تحسین دۆڵەمەری‌و صباح بیت الله و عبدالله چەلەبی و هێمن حەسەن و قادر حسن و بەهزاد چەلەبی و عبدالله خلۆو محفوزمائی‌و شێرکۆ رسول کاکو و صدقی هروری‌و ابراهیم مستەفاو – مەسعود سەرنی . ڕێزو پێزانین بۆ ئەو برا دەست ڕەنگینانەی بەشی تەکنیکی وەکو تالیب و ئەندازیار پێشرەو و سیف الدین و عصمت کە بەراستی وەکو پێشمەرگەیەکی نێو سەنگەر هەمیشە ئامادەو دەست بەکاربوون ، هەروەها بۆ مامۆستای بەڕێزمان فلك الدین کاکەیی و خوالێخۆشبوو حەمید سوری و د . ناصح و مسعودساڵەیی و ڕێبوار یەلدا بارزان مەلا خالدو د. رزگار . کەوەکو بەرپرسانی راگەیاندنی پارتی بەشەو و ڕۆژ قەڵەم بە دەست بوون بۆ نووسینی وتارو لێکۆڵینەوەو ریپۆرتاژی هەمەجۆر .. لێرەوە ناکرێ ئەگەر باسی لەخۆ بووردەیی‌و دڵسۆزی برایان کاك ناجی ئەرگوشی نەکرێ کە بەهەق ئەگەر ئەو نەبوایە پارتی بەشی ( اینصات ) ی نەدەبوو .. هەروەها کاك هاشم ئاکرەیی کە ( ئەرشیف ) ی پارتی لەم دۆڵ بۆ ئەو دۆڵ وەکو چاوەکانی خۆی دەپاراست . درودو سەڵاویش بۆ گیانی پاکی بێژەری عەرەبی شەهید نیسان و بۆ هەموو ئەو پێشمەرگە بوێرانەی ڕۆژ تا ئێوارە دەستیان لەسەر پەلەپیتکەی دژە ئاسمانیەکان بوو وشەوانەش پارێزگارێکی هەمیشە بێداربوون . داوای لێبوردن لەو برایانەش دەکەم کە لەم کاتەدا ناویان نەهاتەوە بیر بەو هیوایەی لە دەرفەتێکی نزیکدا ناویان و ڕۆڵی دلێرانەیان تۆمار بکەم و ئەوانیش لەگەڵ هەموو ئەو تێکۆشەرانەی لەم ئێستگەیەدا کاریان کردوە ناوەکانیان لەلاپەرە گەشەکانی مێژووی دەنگی کوردستان بەزێر بنووسرێتەوە . شایانی باسە مامۆستا فلك الدین کاکەیی لە 1979 وە تا کۆنگرەی یازدەی پارتی بەرپرسی راگەیاندن بوو .

بەم جۆرە ئێستگەی دەنگی کوردستان ڕۆڵە هەمە لایەنەکانی سیاسی ، کۆمەڵایەتی ، تەندروستی ، پەروەردەیە ، جەماوەری ، پێشمەرگەیی خۆی دیت تا ڕاپەرین و لە ڕاپەرینیشدا هەوێنی حەماسەتی جەماوەر و گورزی دەستی پێشمەرگەو وەرەی ڕۆڵەکانی گەل بوو کە یەك دەنگ یەك ریز هێرشیان دەکردە سەر دامو دەستگاکانی ڕژێم و کوردستانیان ئازاد کرد .. دوای ڕاپەرینیش هەر ئەو ئێستگەیە بوو دەیان ئێستگەی تری ڕادیۆو تەلەفزیۆن و سەتەلایتی کوردستانی لێ هاتە وجودو ئێستاش هەر پێشەنگی هەموو دەستگاکانی ڕاگەیاندن .

ئەمرۆش کە ڕاگەیاندنی پارتی فرە ڕەنگ و فرەدەنگ و فرە لایەنە و بەسەدان کادیری ڕۆشنبیری بەتوانا و بە دەیان تەکنیکاری دەست ڕەنگین و بەسەدان هونەرمەندی بەخۆوە گرتوە ، مایەی شانازیە کە ئیستگەی دەنگی کوردستان شای ئەو دەستگایانەیە و چونکە دیاری بارزانی نەمرو دەنگی هەر دوو شۆرشی مەزنی ئەیلوول و گوڵانی پێشکەوتنخوازە خۆشەویستی لە ڕادەبەری جەماوەر و پێشمەرگە دلێرەکانە .. ئەو دەنگە بۆنی مەتەرێزی شەرەف وبۆنی خوێنی شەهیدە نەمرەکان و بۆنی پڕ لە عەتری شاخەکان و بۆنی کانیاوو ڕووبارەکانی کوردستان و بۆنی ڕۆژانی سەخت و شەوانی پر لە زریانی نەهامەتی و بۆکرووزی ئاوارەو و دەربەدەرەکانی ئێران و هەناسەی پر لە حەسرەتی دوور خراوانی نێو بیابانەکانی باشوورو ناوەندی عێراق و بۆنی ئەسیرانی زیندانە ڕەشەکانی دوژمنان و

بۆنی – كوردستان یان نەمان – ی لێدێ ... ئەو دەنگە تا پارتی ماوە كە هەردەشمێنێ دەنگی زۆلآلی ئەو پارتیەو یادگارە شیرینەكەی بارزانی نەمرە .. پایەدار بێ ئەو ڕاگەیاندنەی لە مێژووی پارتی و خەباتی بارزانی نەمر جیاناكرێتەوەو لە سایەیبارزانیش بوو پارتی دامەزرا و راگەیاندن پەیدا بوو و كورد هۆشیاری سیاسی پەیداكردو بوو بە خاوەن پەرلەمان و حكومەتی هەرێمی كوردستان .

بەروار 11 / 6 / 2002